

( 428 – 348 پ.م. )

پلاتۆن، لە شێوەی چیرۆکێکدا، بۆچوونە فەلسەفییەکەیمان لە میتافۆری ئەشکەوتدا بۆ ڕووندەکاتەوە. دەڵێت:

گەر لە ئەشکەوتێکدا



کۆمەڵێک مرۆڤ دابنێین (زیندانی بکەین)



ئەم کۆمەڵە مرۆڤە، بەشێوەیەک دابنیشن، کە تەنها بتوانن تەماشای دیوارەکەی بەرانبەریان بکەن. لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە، سێبەری، یان تارمایی چەند تەنێک (شتێک) ببینن.









لەلای ئەم مرۆڤانە (زیندانیانە)، ئەم سێبەرانە، یان ئەم تارماییانە، جێگەی فۆرمە ڕاستەقینەکانی ئەم تەنانەی گرتۆتەوە، چونکە ئەوان فۆرمە ڕاستەقینیەکانیان نەدیتووە!

***

ڕۆژێک (بەڕێکەوت!) بۆ یەکێک لەو مرۆڤانە (زیندانیانە) هەڵدەکەوێت، لەو ئەشکەوتە



هەڵبێت



ئێستا ئەم مرۆڤە " ئازادە " لە دەرەوەی ئەشکەوتدا، یەکەم شتێک کە دەیبینێت، خۆرە.



دنیای دەرەوەی ئەشکەوت، دنیایەکی زۆر جودایە، تەنەکان (شتەکان) ڕیالستیانەتر دەبینرێن.

  

  

ئێستا ئەم مرۆڤە " ئازادە " تەنەکان (شتەکان) لەژێر ڕۆشنایی خۆردا، زۆر بە ڕوونی دەبینێت و جوانیشیان تێدا بەدی دەکات.



ئەم مرۆڤە " ئازادە " ئیدی ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر بووە، چونکە " فۆرمە  ڕاستەقینەکانی " بینیوە .

بڕیار دەدات، بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە، بۆ ئەوەی ئەم " ڕاستییە " بە هاوڕێیەکانی بڵێت!



بەڵام خێڵی ئەشکەوت، بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرپرسیاریەتی بیرکردنەوە و ڕامان بدزنەوە، نەک هەر بڕوای پێناکەن و گاڵتەی پێدەکەن



بەڵکو ڕقیشی لێهەڵدەگرن و بەردەبارانی دەکەن!



## بەکورتی :

- ئەشکەوت
مەبەستی پلاتۆن، لە مێتافۆری ئەشکەوت، بەرجەستەکردنی دنیای هەستەکانە. (سێبەر و تارمایی شتەکان – تەنەکان) ئەو دنیای هەستانەی، کە پێیان ڕادێین و لەگەڵ دنیای بەرزی ئایدیاکان (بیرەکان) دا لێکیان جودا ناکەینەوە

- خۆر
مەبەست لە خۆر ئایدیا بەرزەکانە.

- هەڵاتن
خۆڕزگارکردنە لە خووە ڕۆتینییەکان، ئەو خووانەی، ڕۆژانە ڕوبەڕویان دەبینەوە. خۆڕزگارکردن لە دووبارەبوونەوە.
(مەبەست لەو دووبارەبوونەوەیە، کە ڕۆژانە لە ژیانی ئەشکەوتەکەتدا دەیبینین !)

- گەڕانەوە بۆ ئەشکەوت
گەیاندنی ئەو پەیامەیە، کە مرۆڤی ئازاد (فەیلەسوف) دەیەوێت بە خێڵی ئەشکەوتی بگەیێنێت!